# کەژاڵ ئادەمی: من لەسەر ئەو بڕوایە نیم کەئاستی کاری هونەریی ئافرەتان نزمترە لەپیاوان



**دیمانە: نێوەند**

کەژاڵ ئادەمی ساڵی ١٩٨٣زایینی لەبنەماڵەیێکی شۆڕشگێڕ لەشاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە. تەمەنی منداڵی لەو شارەدا بەسەر بردووە. لەقوتابخانە هەندێك جار لەبواری سروود وشانۆی منداڵاندا چالاك بووە. لەرێگای دیوانی شیعری مامۆستا قانعەوە بەخویندن ونووسینی زبانی کوردیی ئاشنا بووەو رۆحی ئاوێتەی شیعر بووە. بەبۆنەی ژیانی سیاسیی دایك وباوکییەوە تا تەمەنی ١٥ساڵان دور لەوان لەسەقز ژیاوەو پاشان رەوانەی هەندەران بووەو لەوڵاتی سوێد نیشتەجێ بووە. هەر لەو تەمەنەدا لەقوتابخانەی مۆسیقای "سەبا" دەستیکردووە بەژەندنی ئامێری کەمان وپەروەردەکردنی دەنگ. ساڵی ٢٠٠٤بۆ یەکەمجار کۆنسێرتێکی لەزانکۆی ستۆکهۆڵم بەڕێوەبردووە. ساڵی ٢٠٠٦ یەکەم بەرهەمی خۆی کەپێکهاتبوو لە٦ گۆرانی پێشمەشی جەماوەر کرا. لەپاڵ چالاکیی هونەرییدا، لەزانکۆ کۆمەڵناسی خوێندووەو ئێستاش سەرقاڵی خوێندنی مێژووی مۆسیقا وکاریگەریی سیاسەت لەسەر مۆسیقایە.

نێوەند:سەرەتا لەپرسیارێکی تەقلیدییەوە دەستپێدەکەین، پێمانخۆشە بزانین سەرەتای کاری هونەریتان بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ بەهاندان وپاڵپشتی کێ دەستتان کردووە بەگۆرانی وتن؟.

کەژاڵ:یەکەم هەنگاوی من بۆ نێو دنیای هونەر لەتەمەنی ٨ ساڵاندا بوو. لەو تەمەنەدا بەمەبەستی فێربوونی خوێندنەوەو نووسینی زبانی کوردیی دەستمکرد بەخوێندنەوەی دیوانی شیعری مامۆستا قانع. شیعرەکانی قانع پەنجێرەیێکی روو بەدنیای شیعر بۆ من مردەوەو هەر لەو تەمەنی منداڵییەوە قەڵەمی شیعر نەوسینم گرتە دەست. لەتەمەنی ١٦ ساڵاندا لەمەکتەبی مۆسیقای ⋆سەبا⋆ لەخزمەت مامۆستا عەلی شەکوری دەستم بەژەندنی ئامێری کەمان کردو هاوکات تیشکم خستە سەر فێربونی تێۆری مۆسیقا. کاتێ مامۆستا شەکوری بۆ یەکەمجار گوێی لەگۆرانی وتنم بوو، پێشنیاری پێدام شیعرەکانی خۆم بەشێوەی گۆرانی بەگوێی جەماوەر بگەیێنم. ئاوا بوو کەلەژێر چاودێریی ئەو مامۆستادا تیشکم خستە سەر پەروەردەکردنی دەنگم وبەپشتیوانی مامۆستاو بنەماڵەکەم هەنگاوم نایە نێو دنیای گۆرانییەوە.

نێوەند:زۆرێك لەهونەرمەندانی لاو پشتیان بەئاواز وهونەری گۆرانیی نەتەوەکانی تر بەتایبەت خۆرئاواییەکان بەستووە، هەندێکیان پێیانوایە هونەری کوردیی وژێرخانی ئەو هونەرە زۆر لەوە هەژارترە کەبتوانرێت داهێنانی لەسەر هەڵبچنرێت، بەبۆچوونی تۆ ئێمە دەبێت هونەری نەتەوەیی خۆمان رەت بکەینەوە یاخود بەپاڵپشتی هونەری خۆمان وسوودبینین لەئەزموونی گەلانی تر هونەری کوردیی پەرەپێبدەین؟

کەژاڵ:زۆرجار ئەو پرسیارە لەخۆم دەکەم بۆچی مۆسیقای کوردیی بەو جۆرەی پێویستە هێشتا نەیتوانیوە جێگای خۆی لەهونەری جیهانیدا بدۆزێتەوە؟ من لەسەر ئەو بڕوایەم کەئێمە هێشتا پێناسەیێکی روونمان بۆ مۆسیقای نەتەوەکەی خۆمان نییە. ئێمە تا مۆسیقای خۆمان بەباشی نەناسین ناتوانین بەرەو پێشییەوە بەرین. هەست دەکرێ لەم ساڵانەی دواییدا رەسەنایەتی لەمۆسیقای کوردیی کاڵبووەتەوەو مۆسیقای ئێمە تووشی سەرلێشێواوییێکی سەیر بووە. ئێمە لەژێر ناوی نوێکارییدا رووممان کردووەتە مۆسیقای نەتەوەکانی دیکەو خۆمان هەڵواسیوە بەمۆسیقای بێگانەدا. من بڕوام بەئازادیی ونوێکاریی لەمۆسیقادا هەیە بەڵام نەك ئازادیی و نوێکارییێك وێرانکەر بێت. من لەگەڵ ئەوە نیم کەمۆسیقای کورد هەژارە. مۆسیقای ئێمە دەوڵەمەندەو هەر هونەرمەندێکیش زانیاریی وشارەزایی لەبواری مۆسیقای کوردییدا ببێت بەدڵنیاییەوە ئەم واقیعییەتە رەت ناکاتەوە. ئەم گرینگییە نابێ لەبیر بکەین کەئاوازدانەران وموزیسییەنەکانی ئێمە ئەرکێکی گەورەو قۆرسیان لەسەر شانە بۆ بەرەو پێشبردنی مۆسیقای کوردیی بەشێوازێکی دروست وگونجاو. دڵنیام هەمو تێدەکۆشین بۆ بەرەو پێشبردنی مۆسیقای نەتەوەکەمان وهەرگیز رەتی ناکەینەوە.

نێوەند:هونەرمەندی ناسراو "باکووری" لەیەکێك لەدیمانەکانیدا دەڵێت لاوك وحەیران بنەمای هەر پێشکەوتنێکی هونەریی گۆرانییەو بەبێ ئەوانە هونەریی کوردیی خەسڵەتی کوردانە لەدەستدەدات، بەمانایەکی تر پێویستە هەر پێشخستن وگۆڕانێك لەهونەری کوردییدا پشتبەستوو بێت بەفۆلکلۆرو رەگەزەکانی کەلەپووری هونەری کوردیی، پێتوایە ئەم بۆچوونە بۆچوونێکی تەواوە. یاخود دەکرێت بەبێ فۆلکلۆریش داهێنان بکەین؟

کەژاڵ:من تا رادەییێك لەگەڵ ئەو بۆچوونە هەم. زۆر جوانترە گەر نوێکاریی لەسەر بنەمای فۆلکلۆر بێت. نوێکارییەکان نابێ ئەوەندە زەق بن کەکوردایەتی ئیشەکە بشارنەوەو ناچار بین بەس بەیارمەتی وشە گوێگر تێبگەیێنین کەئەو ئیشە کوردییە.

نێوەند:هەندێك لەشارەزایانی بواری هونەریی پێیانوایە ئاستی کاری هونەریی هونەرمەندانی ئافرەتانی کورد بەبەراوورد لەئاستی هونەرمەندانی پیاو نزمە، ئێوە ئەم مەسەلەیە چۆن دەبینن؟ ئەگەر



پێتانوایە ئاستی گۆرانی ژنان لەئاستێکی نزمتردایە هۆیەکانی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

کەژاڵ:من لەسەر ئەو بڕوایە نیم کەئاستی کاری هونەریی ئافرەتان نزمترە لەپیاوان. دیارە هونەرمەندە ئافرەتەکانمان ژمارەیان کەمترە لەپیاوان بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کەئاستی کارەکانیشیان نزمترە. ئەو ئافرەتانەی کەچالاکی هونەرییان هەیە شان بەشانی پیاوانی هونەرمەند هەڵسوڕانیان هەیەو توانیوویانە بەرهەمەکانیان لەئاستێکی بەرزدا پێشکەشی جەماوەر بکەن.

نێوەند:بەشێك لەهونەرمەندان یان راستتر بڵێین زۆربەی هونەرمەندان بەلاساییکردنەوەی کاری هونەرمەندانی پێش خۆیان دەستدەکەن بەکارکردن، بەڵام کەمترین ژمارە لەهونەرمەندان دەتوانن ببنە خاوەن ستایل وڕێڕەوی تایبەت بەخۆیان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو هونەرمەندەی خاوەن ستایل وفۆرمێکی تایبەت نەبێت مانای ئەوە نییە ئەو هونەرمەندە هونەرمەندێکی سەرکەوتوو نییە؟

کەژاڵ:خاوەن ستایلێکی تایبەت بوون ئیشێکی ئاسان نییەو ساڵها تێکۆشان وئەزموون وزانیاریی پێویستە. هەر هونەرمەندێکیش بەردەوام بێت لەسەر ئیش وشێوازی کاری خۆی لەنیهایەتدا پێموایە بتوانێ ببێتە خاوەن ستایلی تایبەت بەخۆی.

نێوەند:لەسەر رووپەڕی رۆژنامەو گۆڤارەکان باسی ناعەدالەتی لەنێو هونەرمەندا دەکرێت، ئەم پرسە سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانیشی هێنایە قسە، بەبۆچوونی ئێوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو نادادپەروەرییەی بەرەو رووی هونەرمەندان دەبێتەوە چ رێگاچارەیەك پێویست وگرنگە؟

کەژاڵ:وەزارەتی رۆشنبیریی وەك هێزێکی حکومەتی دەسەڵاتێکی مەزنی لەسەر هونەر وئەدەب ومۆسیقای نەتەوەکەماندا هەیە. گەر ئەوان پشتیوانی هونەری راستەقینە بکەن ئەو کاتە هونەری راستەقینەش دەخولقێ و گەشە دەکات. من دژی ئەوەم لەبوارە هونەرییەکاندا تاکەکەس بڕیاردەر بێت. دەبێ بڕیارەکان لەلایەن لێژنەیێکی زانیار وشارەزا وبێلایەنەوە بدرێن.

نێوەند:کلیپ کۆڵەیەکی سەرەکیی گۆرانی نوێیەو دەکرێت بڵێین هۆی بەبازاڕکردنی گۆرانییە، بەڵام ئەوەندەی ئێمە دەزانین کلیپی گۆرانییە کوردییەکان زۆرتر دووبارەن ولەئاستێکی نزمدان، ئەمە وامانلێدەکات بەشێکی لاوازیی گۆرانی کوردیی پەیوەست نییە بەلاوازیی کلیپەکانەوە؟ ئایا هەر ئەم هۆکارەش بازاڕی سیدی هونەرمەندانی کز نەکردووە؟

کەژاڵ:ئەگەرچی گۆرانی، کلیپ وبازاری سیدی پەیوەندییان پێکەوە هەیە بەڵام بەبۆچوونی من دەبێ سێ باسی جیاوازیان لەسەر بکەین. کلیپ نییە کەئاستی هونەریی گۆرانی تەعین دەکات بەڵکو گۆرانی دەبێ بۆ خۆی ئاستێکی بەرزی مۆسیقایی ببێت. ئەوەی کەکلیپەکانی ئێمە پێویستە ئاستیان بەرزتر بکەینەوە لەگەڵتانم. ئەگەرچی لەم ساڵانەی دواییدا هەندێك کلیپی باش دروستکراوە بەڵام دەبێ هەوڵی زۆرتری بۆ بدرێ. لاوازبوونی بازاڕی فرۆشی سیدی هونەرمەندانیش دەگەڕێنمەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کەپەیوەندیی بەنەبوونی یاسای کۆپیڕایت لەمۆسیقای کوردییدا هەیە. لەزەمەنی ئەمڕۆدا زۆر بەئاسانی سیدی هەموو هونەرمەندان لەرێگەی ئینتێرنێتەوە دادەبەزێنرێت وئیدی کەس بەپێویستی نازانێ سیدی بکڕێ. هیوادارم لەداهاتوودا بەیارمەتی یاسای کۆپیڕایت پشتیوانی لەمافی هونەرمەندان بکرێت ویارمەتی بدرێن بۆ بەردەوامبوون لەئیشە هونەرییەکانیاندا.

نێوەند:لەدوا پرسیاردا دەمانەوێ بزانین پرۆژەی داهاتووت چییەو چ بەرهەمێکی نوێت لەبەردەستدایە پێشکەشی گوێگرانی بکەیت؟

کەژاڵ:ئەخیر بەرهەمی من گۆرانییێکە بەناوی جوانترین وشە کەدوێتێکە لەنێوان من وهونەرمەند نەجمەی غولامی. کلیپی ئەو گۆرانییە ئامادەیەو لەداهاتوویێکی نزیکدا لەرێگای کەناڵە کوردییەکانەوە پێشکەشی جەماوەر دەکرێت.